بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەنـــاوی گەلـــەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٢٢ ) ساڵی ٢٠٠٩**

بە پێی خاڵی (٢) ی بڕگەی ( یەکەم ) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان– عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٤) لە ٢٠٠٩/٩/١٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیار ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٩

یەکەم: دەستنیشانکردنی ڕێزدار ( بەرهەم احمد صالح احمد ) بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان–عێراق.

دووەم : دەستنیشانکردنی ڕێزدار ( ئازاد نجیب محمد سلیم ) بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان–عێراق.

سێیەم : سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەم بڕیارە بۆ بەجێهێنانی ماددەی ( دووەم ) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ ،کە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی پێ هەموار کراوە ڕاسپاردنی هەردووکیان بۆ پێکهێنانی وەزارەت لە ئەستۆ دەگرێ.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی( وەقایعی کوردستان )دا بڵاودەکرێتەوە و لە ڕۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە بەرکار.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولـــێر**
٢٦ / گەلاوێژ / ٢٧٠٩ی کوردی
٢٧ / ڕەمەزان / ١٤٣٠ی کۆچی
١٧ / ئەیلول / ٢٠٠٩ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM